# ره هەندی دەروونی لە شیعرەکانی ( بێکەس ) دا


## پ.ی.د. نوزاد وقاص سعید
## زانکۆی سەلاحەددین - هەولێر
## کۆلێژی پەروەردە
## بەشی زمانی کوردی


**پێشەکی**

لێکۆلینەوەکەم بە ناوونیشانی ( رەهەندی دەروونی لە شیعرەکانی (بێکەس ) دایە ، راڤەکردن و خستنە رووی رەهەندی دەروونییە لەشیعرەکانیدا .

هەروەکو ئاشکرایە رەهەندی دەروونی کاریگەری لەسەر شاعیر هەیە و لەنێو ئەدەبیاتدا بوونێکی بەردەوامی هەیە ، بەتایبەتی لە نێو شیعردا . لەبەر ئەوەی شیعر پەیوەندی بە زۆر بابەتی ترەوە هەیە و لەگەلیاندا هاوبەشە و نزیکترینیشیان لایەنی دەروونییە و لایەنی دەروونی و بارە دەروونییەکان ، لە خستنە رووی کێشەیەك کاریگەری لەسەر گوێگر هەیە .

لایەنی دەروونیش لە شیعرەکانی بێکەسدا بە زەقی دەبیندرێت و بارو دۆخی رامیاری و کۆمەلایەتی و تەندروستی ، ژیانی خۆی بۆتە هۆی ئەوەی بە ناخی خۆیدا شۆرببێتەوە و لە قولایی بیر و نەستی خۆی شیعری بە پێز و کاریگەر پێشکەش بە خوێنەرانی بکات .

هۆی هەلبژاردی لێکۆلینەوەکە بۆ حەز و ئارەزوم بۆ بابەتە دەروونییەکان و نەبوونی لێکۆلینەوەی زانستی دەربارەی بابەتەکە دێت .

سنووری لێکۆلینەوەکە ، دیارکردنی رەهەندی دەروونی بێکەسە و کاریگەری لەسەر شیعرەکانێتی .

میتۆدی لێکۆلینەوەکە ، میتۆدی وەسفی دەروونشیکارییە .

گرفتی لێکۆلینەوەکە کەمی سەرچاوەیە دەربارەی بابەتەکە بە زمانی کوردی و بابەت و سەرچاوە بەردەستەکانیش بە زمانانی تر نووسراون ، وەرگێرانیان کاتێکی زۆری دەویست .

ناوەرۆکی لێکۆلینەوەکە لە دووبەش پێکهاتووە :

لە بەشی یەکەم ، تیشك خراوەتە سەر پێناسە و چەمکی رەهەندی دەروونی و پەیوەندی ئەدەب بە دەروونناسییەوەو تیۆری دەروونشیکاری ( فرۆید و یۆنگ و ئەدلەر ) .

لەبەشی دووەم ، باسی رەهەندە دەروونییەکانی بێکەس کراوە و کاریگەری لە سەر شیعرەکانی خراوەتە روو .

لە کۆتاییشدا ئەنجامەکانی لێکۆلینەوەکە و لیستی سەرچاوەکان و کورتەی لێکۆلینەوەکە بە هەردوو زمانی عەرەبی و ئینگلیزی خراونەتە روو .

## بەشی یەکەم :

### زاراوە و چەمك و پێناسەی رەهەندی دەروونی :

زاراوەی رەهەنـدی دەروونـی لـە دوو وشـەی ( رەهەنـد و دەروون ) پێـك هـاتووە ، زاراوەی ( رەهەنـد ) بـە واتای(خەندەك، ئاوەرۆی ئاوی پیس ، رێگە بە ژێـر زەوی ) [١]هـاتووە . زاراوەکەش واتـای دووری و قـوڵی تێدایـە . لەبەر ئەوەی رێگەی بە ژێر زەوی دووری و نادیاری تێدایە و گوزارشت لە شتی نادیار و شاراوە دەدات . دواتر بۆ لایەنی دەروونی بەکار هاتووە ، لەبەر ئەوەی شتی شاراوەی ناوەکی مرۆڤ و سەرجەم ئەو شتانە دەگرێتەوە کە لە نەستی مرۆڤ خۆیان حەشارداوە .[٢] لە زمانی عەرەبیش بە ( بعد ) هاتووە ، بە واتای ( دووری ، ماوە ، میانە )[٣]. دەروونناسی بە واتای ( شارەزابوونە لە شتە شاراوەکانی دەروون یـا زانیـاری زانینـە دەربـاەی رەفتـار . لـە زمـانی عەرەبیش زاراوەی ( علم النفس )بەواتای زانسـتی دەروون ، واتـە زانینـی شـتە شـاراوەکانی دەروون دەگەیـەنێ . ولە زمانی ئینگلیزیدا زاراوەی ( psychology ) بەکاردێت . کـە لـە دوو وشـەی لێکـدراوی (psycho) بە واتای دەروون و (logy ) بەواتای زانست دێت . کە بەیەکەوە واتای ( زانستی دەروون یا دەروونناسی ) یە.

دەروونناسیش زانستێکە ( لێکۆڵینەوە لە دەروون و ئەوەی لەناو دەروونندایە لە بیرکردنەوە و هەست و ئارەزوو و بیرەوەری و هەڵچوون دەکات )[٤] .

### پەیوەندی ئەدەب بە دەروونناسییەوە :

پێش هەموو شتێك ئەدەب شتێکی دەروونیە و (ئاوێنەی عەقل و دەروونی نووسەرە ، یان وێنەیەکە لە وێنەکانی گوزارشت کردن لە دەروون )[٥] . شاعیریش لە شیعرەکانیدا دەروونی خۆی دەدوێنێ و ئەو شتانەی کە دەینووسێت لە ناخی دەروونییەوە هەڵدەقوڵێن ، بۆیە کەم و زۆر رەنگ و بـۆی بابـەتی دەروونییـان لێ دێ .[٦] شـاعیریش ئـەو رووداوانەی کە بینیویەتی و ئەو ئازار و مەینەتیانەی کە چێشتوویەتی دەبنە بەشێك لـە بـیرەوەری و لـە نەسـتی دەمێنێتەوە و بە بێ ئاگایی لـە رێگـای نووسـینەوە دێنـە دەرەوە . کەواتـە ئـەزموونی دەق بـەپێی سـایکۆلۆجیای نووسەرەکانیان ، لەدەقێکەوە بۆ دەقێکی تر و لە نووسەرێکەوە بۆ نووسەرێکی تر جیاوازن )[٧] .

شاعیریش کە خـۆی دەدوێنـێ بـەرەو نـاخی خـۆی شـۆر دەبێتـەوە و بـە جیهانـە خـەیالیەکـەی، خـۆی دەدوێنـێ و بەمـەش شـیعر پەیوەنـدی بـە دەروونـی شـاعیر دەبێـت و رەنگدانـەوەی دەروون و هەسـت و نەسـت و ئازارەکـانی دەبێت .

---

[١] -هەژار، هەنبانە بۆرینە ، فەرهەنگ کوردی — فارسی ، چ٤ ، انتشارات سروشت ، ایران ، ١٣٨٤ ، ل ٣٦٤

[٢] -د. هاوژین صلیوە ، رەهەندی دەروونی لە شیعرەکانی لەتیف هەلمەت دا ، چاپخانەی رۆژهەلات ، هەولێر ، ٢٠١٣ ، ل ١٨

[٣] - فازیل نیزامەدین ، فەرهەنگی شیرینی نوێ ، عەرەبی — کوردی ، چ١ ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ، ٢٠٠٧ ، ل ٤٦٥

[٤] - راجح احمد عزت ، أصول علم النفس ، ط ٧ ، دار الكتاب العربى للطباعة و النشر ، القاهرة ، ١٩٦٨ ، ص ٣

[٥] - د. شکری غزیز الماچی ، تیۆری ئەدەب، و- د.سردار ئەحمەد گەردی ، چ١ ، چاپخانەی ماردین ، هەولێر ، ٢٠١٠ ، ل ١٧

[٦] - د. هاوژین صلیوە ، رەهەندی دەروونی لە شیعرەکانی لەتیف هەلمەت دا ، ل ٩

[٧] - پ.د. زاهیر لەتیف کەریم ، سایکۆلۆجیای دەق ، ر- ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ ، ژ-٣٨٩، پێنجشەمە ، ٢٧ -١- ٢٠١١ ، ل ٤

**تیۆری شیتەلکردنی دەروونی فرۆید ( ١٨٥٦- ١٩٣٩ ) :**

١-**ئاستی ئاگـایی** : یەکەم ئاستە کە مـرۆڤ هەستی پێدەکات و بریتییـە لـەو ئاسـتەی( کە مـرۆڤ تیایا دەژی و جموجۆل دەکات و بە ئاگایە)[1] وەك هەست کردن بە ( قورسی جلو بەرگ و قەلەبالغی ئۆتۆمۆبیـل و یـان هەست کردن بە باس و خواسی خەلکی دەوروبـەرمان یـان بە خۆشی و ناخۆشـی و یـان هەست کـردن بـە کتێب کاتی خوێندنەوەی . ئەمانە هەموویان بیر و ئەزموونی عەقلین کە ناوچەی هەستمان داگیر دەکەن ) [2] . ئەم هەستەش هەموو ئەو شتە هەنوکەیی و نوێیانە دەگرێتەوە کە لـە دەوروبـەرمان هـەن و هەسـتیان پـێ دەکـەین ، و پـێش گواستنەوەیان بۆ ناوچەی پێش هەست . مێشکی بەئاگاش ( ئـەو بەشـەیە کـە مـرۆڤ بەوپـەری ئاگاییـەوە کـار و کردەوەکانی جێبەجێ دەکات و راستە و خۆ بریار دەدات و پێویستی بە سەرخستنەوەی یادگارە کۆنەکان نیـە ) [3] . مرۆڤیش ئەو زانیاریانەی کە (وەریان دەگرێ بۆمـاوەی نزیکـەی چرکەیەك لـە تۆمارکـەری یـادی هەسـتیاریدا دەمێنێتە ، لەو ماوەیەی ئەو زانیارییە لەو تۆمارکەیەدا ، هەلبژاردنێکی تونـد روودەدا ، تـەواوی ئـەو زانیاریانـە لە ماوەیەکی ئێجگار کورتدا قابیلی بیر هاتنەوەیە ) [4] . وە ئەو شتانەی کە لە مێشکدا هەلدەبژێردرێن بـۆ کۆگـای پێش هەست دەگوازرێتەوە و لەوێ دەپارێزرێت . ئەمەش رێگا بۆ درککردن خۆش دەکات بۆ ناسینی شتەکان .

٢- **ئاستی پێش ئاگایی** : ئەو ئاستەیە کە ( لە مێشکی مرۆڤدا رووداو و شتە هەست پێکراوەکان ، ئەوانەی کـە بـە یەکێك لـە پێـنج هەسـتەکانی مـرۆڤ هەسـتیان پێکراوە ، لـە مێشـکی مـرۆڤ خـەزن دەکـرێن ، لـە کـاتی پێویست دەتوانین بیانهێنینەوە ئاستی ئاگایی (هەست)ی )[5] . واتە ئەو ئاستەیە کە مرۆڤ دەتوانێ بە ئاسانی ئـەو شـتانەی مەبەستێتی ، بیر خۆی بخاتەوە .

٣- **ئاستی بێئاگایی :**

ئەم ئاستە لە کاتی بێئاگاییدا کاردەکات و بریتیە لەو ئاستەی کە ( لە بێئاگایی کـاری خـۆی ئـەنجام دەدات ، وەك لە خەون و لەکاتی بەدمەستی و بێهۆشی دەردەکەوێت و شتە قەدەغەکراوەکان بەپێی کۆمەلگاکە لە نێو جیهانی بێئاگاییان حەشار دەدەن ) [6] . واتە مرۆڤ هەول دەدات ئەو شتە قەدەغەکراو و رێ پێنەدراوانەی ناو کۆمەلگا لە یادیان بکات ، بەلام بە هیچ جۆرێك لە یاد ناچن و لە کۆگای نەست دەپـارێزرێن و لـە کـاتی بـێ ئاگـایی دووبـارە سەردەردەهێننەوە . ئەمەش لە کاتی خەون و بێئاگایی و دۆشـدامان و شـپرزەیی و دەمـارگیری و شـێت بوونـدا . واتـە دابەزیوەتـە نـاخی دەروونـەوە و چـیتر ناتوانرێـت بـانگ بکرێنـەوە بـۆ ئاسـتی ئاگـایی ، تـەنیا بـە هۆکـارە نائاساییەکانی ئاماژە پێکراو نەبێت . [7]

**کەسایەتی لە دیدی فرۆید :**

١-ئەو ( الهو –id) : ئەو بەشە سەرەتاییەی کەسێتیە کە لە رابردوودا سیستەمی نەستی پـێ دەگـوترا و پریـەتی لە پێداویستییە فیسۆلۆژیەکان و رەمەکەکانی مرۆڤ ، هەولی تێرکردنی ئەو حـەز و ئـارەزووە رەمەکیانـە دەدات ،

---

- د. هاوژین صلیوە ، رەهەندی دەروونی لە شیعرەکانی لەتیف هەلمەت دا ، ل ٤٤ [1]
- د.شکری عزیز الماضی ، تیۆری ئەدەب ، ل ٤٤ [2]
- د. هیمداد حسین ، دەروازەیەك بۆ رەخنەی ئەدەبی نوێی کوردی ، چ٢ ، چاپخانەی باز ، هەولێر ، ٢٠١٠ ، ل ٦٥٩ [3]
- ئا.و. رێباز عەزیز ، فێربوونی سەرکەوتوو ، چ١ ، چاپخانەی موکریان ، هەولێر ، ٢٠٠٩ ، ل ٢٠ [4]
- د. هاوژین صلیوە ، رەهەندی دەروونی لە شیعرەکانی لەتیف هەلمەت دا ، ل ٤٦ [5]
- سەرچاوەی پێشوو ، ل ٥٠ [6]
- د. شکری عزیز الماضی ، تیۆری ئەدەب ، ل ١٥٢ [7]

لە پێناو گەیشتن بە لەزەت و تێرکردنی حەزە لبیدۆییەکان ، بەبێ گوێدانە هیچ عورف و داب و نەریتێك ، بەدەر لە حەزە یاساغ کراوەکانی ژینگەی کۆمەلایەتی .[1] و لایەنێکی ( شاراوەی درك پێنەکراوی خودە ، جیهانێکی راستەقینەی خودیشە هەولی خۆ دوورخستنەوە دەدات لە ئارەزووە نارەحەتییەکانی خود . ئەگەر چی پەی بە نهێنییەکانی نەبراوە و بە تەواوەتی ئەو شتانەی لەبارەی (id ) یشەوە زانراوە لە رێگای خەون و نیشانەی نەخۆشیە دەروونیەکانەوە بە د ی هاتووە .[2] و بە پێی بنەماکەی خۆی کە واقیعە ، چاودێری کردنی خۆی لەسەر بەشە کەسێتی ( ئەو ) دا دادەنێت . کە هەولی بەرجەستە کردنی حەز و ئارەزوەکانی خۆی دەدات . دەتوانین بلێین وەك چاودێرێکە (هەول دەدات بە شێوەیەك لە سنوری داب و نەریت و یاسا کۆمەلایەتیەکان لە قاوغێکی رازی بوونی ، ئەو سێ زلهێزەی کە فشار دەخەنە سەری ، هەولدەدات حەزە فیسیۆلۆژیەکانی ( ئەو ) بە شێوەیەك لە شێوەکان دەربرێ و (منی بالا ) رازی بکات )[3] .

٢- **من** ( ego ) : لە شێوەی ( پاسەوانێکە یاخود فلتەرێك وایە چاودێری رەفتاری مرۆڤ دەکات و ژیان رێکدەخات ، نایێلێت هەموو ئەو بیرانەی هەیە جێبەجێ بکرێن ، تەنها لەو کاتانە نەبێت کە ( من ) بێئاگا بێت ، جا چ لەکاتی خەوتن یان لەکاتی بێئاگایی ، لەو حالەتانە زۆر جار دزە دەکەن و بەدەر دەکەون )[4] . کەواتە دەتوانین بلێین من ( درێژکراوەی ( ئەو ) ە ، بەلام ( من ) رێکخراوە و لە واقیعدا بە دوای دەروازەیەك دەگەرێت بۆ تێرکردنی پێداویستی یەکانی ( ئەو ) بە شێوەیەکی گونجاو و دروست ، بەمەرجێك نەبێتە هۆی تێکشکاندن و سوکایەتی پێکردنی )[5] .

٢- **منی بالا** (super ego) : بەلای فرۆیدەوە ( کەسایەتی مرۆڤ لە منی بالادا دەردەکەوێت و شێوە رێکخراوی مرۆڤە کە زۆر بە ئاگاوە مامەلە دەکات ، بۆ ئەوەی کەسایەتی تاك بپارێزێت )[6] . و هەر لە منالیەوە ( بەرەنگاری داوا مۆرالیەکانی ( رەوشتەکان ) دایك و باوك و چواردەورمان دەبینەوە ، ئەم داوا مۆرالیانە لە ناخماندا جێگای خۆیان دەکەنەوە و لە گەلماندا گەورە دەبن و دەبنە بەشێك لە ئێمە ، فرۆید بەمەی دەگوت "خودی سەرو " . ئەم بەشە کەسێتیە لە دەرەوەی خودی مرۆڤ گەشە دەکات و لەو قۆناغەی کە ئەقل و هۆشی مرۆڤ گەشە دەکات و توانای وەرگرتنی یاسا و رەوشتەکانی هەیە لە رێگای ژینگەوە ئاراستە دەکرێت ، هەر لە بەر ئەوەشە سنوورێك بۆ ئارەزووە تایبەتیەکانی مرۆڤ دادەنێت ، لەبەر ئەوەی هەموو ئەو شتانەی کە ( ئەو ) حەزدەکات ( منی بالا ) بە پێی دەستوور و یاساکانی رەوشت و کۆمەل رێگەیان پێدەدات .[7] ئەم بەشە کەسێتیە ، کەسێتیەکی نموونەیی و وێژدانیە ، و رووی یەکەمی ( منی بالا ) یە ، کە بە( کەسێتی نموونەیی ) ناو دەبردرێت ، و بریتییە لە ( لاسایی کردنەوەو دەمەلاسکی گشت بەها و رەوشت و ئاکارە جوانەکانی دایك و باوك و مامۆستاو ئەو کەسە گرنگ و خۆشەویستەکانی ناو کۆمەل )[8] . رووی تری ( منی بالا ) ، وێژدانە کە بریتییە لە ( هێزێکی ناوەکی کە سزا و سەرزەنشتی ( من ) دەکات ، ئەگەر کارێکی نابەجێ و ناشیرینی دژ بە داب و

---

[1] - هەلمەت بایز رەسول ، رەهەندی دەروونی لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەندا ، دەزگای توێژینەوەو بلاوکردنەوەی موکریان، چاپخانەی موکریان ، هەولێر ، ٢٠١٢ ، ل ٣٠

[2] - د. کەمال میراودەل، فەلسەفەی جوانی و هونەر(ئیستاتیکا)،چ٢، زنجیرە بلاوکراوەی خانەی چاپ و بلاوکردنەوەی قانیع ، سلێمانی، ٢٠٠٥،ل٥٧ ٢

[3] - هەلمەت بایز رەسول ، رەهەندی دەروونی لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەندا ، ل ٣١

[4] -د. هاوژین صلیوە ، رەهەندی دەروونی لە شیعرەکانی لەتیف هەلمەت دا ، ل ٦١

[5] - د. کەریم شەریف قەرەچەتانی ، سایکۆلۆجیای رێنمایی کردنی دەروونی ، چ١ ، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە ، هەولێر ، ٢٠٠٥ ، ل ١٩

[6] - د. هاوژین صلیوە ، رەهەندی دەروونی لە شیعرەکانی لەتیف هەلمەت دا ، ل ٦١

[7] - هەلمەت بایز رە سول ، رەهەندی دەروونی لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەندا ، ل ٣١

[8] - د. کەریم شەریف قەرەچەتانی ، سایکۆلۆجیای رێنمایی کردنی دەروونی ، ل ٣٠-٣١

نـەريتی كۆمەلايـەتی بكـات ) [1] . كەواتـە دەتـوانين بلـێين ( مـن ) هەولـدەدات لەسـەر بنەمايـەكی ( واقيعيانـە پێداويستی " id" تێر بكات چونكە ئـەو بەشـە خەفەكراوانـەی نەسـت مـەيلی پەسـەند نـەكراوی كۆمـەلن ، كـە (id وego ) تێيدا دەكەونـە ململانێ ، فرۆيـد بـە نەخۆشـی " دەمـار گـرژی " دەداتـە قەلـەم ، ئەگـەر (ego ) نەيتوانی هاوسەنگی لە نێوان ( id ) و ( super ego ) و واقيع دروست بكات ، لە راگرتنی ئەو هاوسەنگيەشدا بۆ تێركردنی حەز و ئارەزوو و پێداويستەكان ، ميكانيزمی بەرگری دەروونی دێتە پێشەوە ، كە داهێنان لە رێی يەكێك لەو ميكانيزمە بەرگريانە دێتە بوون ) [2] .

**نەست و خەون :**

لە ژيانی مرۆڤدا فرۆيد بايـەخێكی زۆری بـە خـەون داوە ، لەبـەر ئـەوەی شـتە چـەپێندراوەكان لـە نـاو خەونـدا دەردەكەون و ئارەزووە تێر نەكراوەكان تێر دەبن . لە خەونـدا ( بەشـێك لـە پێداويسـتيە جەسـتەييەكانی مـرۆڤ تێر دەبن . بەم شێوەيە هاوسەنگيەك دروست دەبێت و فشاری دەروونيش كپ دەبێتەوە ) [3] . فرۆيد لەو باوەرەدا بوو كە ( خەون پێشبينی لە داهاتوو ناكات ، بـەلكو دياردەيەكـە پـەردە لەسـەر ململانێـی سێكسـی يـان وێـژدانی هەلدەمالێ و لە كاتی خەو ، بينەر لەو كاتەدا بەدەستيەوە دەنالێنێت ، يان گوزارشـت لـە ويسـتە چـەپێنراوەكانی سـەردەمی منـدالی دەكـات ) [4] . نەسـتيش كـە هـەلگری ( ئـەو بەشـە مـت و چـەپێندراوانەن ، هـەر لـە قۆنـاغی مندالييەوە سەركوت كراون ، بە ئاسانی ئەو حەز و ئارەزوانەی تێر نـەكراون و هـەولی خۆدەرخسـتن دەدەن ، لـە رێگای خەونەوە خۆيان لەو زيندانە رزگار دەكەن ، دوور لـە چاودێر ( سانسۆر ) ئەمـەش بـە وێنـەی دەربرينـی جۆراوجۆر خۆيان لە خەون و لە شێوەی رەمز و ئالۆزی هێمادا پێشان دەدەن و خـەون دەبێتـە سـەكۆيەكی ئـازاد بۆ هەموو ئەو شتانەی كە لە نەستدان و لەوێ خۆيان حەشار داوە ) [5] .

**تيۆری كارل گۆستاف يونگ** ( ١٨٧٥ – ١٩٦١ :

يەكێك بوو لە قوتابيانی فرۆيد و زۆر سودی لە تيۆرەكەی وەرگرتبوو ، بەلام لـە هەنـدێ لـە بۆچوونەكانی ئـەو دوور كەوتۆتەوە و بۆچوونی تايبەتی خۆی هەيە . ( لە ئەدەب و هونەر و ئەفسانە و رەمز و وێنەی شيعری ، لە هەولی ئەوەدا بوو دوای دياردە سەرەتاييە بالاكاندا بگەرێت . كە رەنگيان لە بەرهەمی ئـەديب و هونەرمەنـدەكان داوەتەوە و بە هۆی ئـەو نيشـانانەی لـە سـەردەمەكۆنەكان و ئـەزموونی پێشـينەكانيانەوە بۆمـان ماوەتـەوە و بـە شێوەيەكی خەون ئاسا دەريان دەبرين ) [6] . يۆنگ بايەخێكی زۆری بە خود داوە لای ئـەو ( چـەمكی هەمەكيـەتی خود يان دەروون بە گشتی زۆر جێگای بايەخە ، خود ( self ) لە تەرزە سـەرەتاييەكانی نەسـتی كۆ لـە مرۆڤـدا كە پێ بەپێ و قۆناغ بە قۆناغ گەشە دەكات و خـۆی تـەواو دەكـات ) [7] . ئـەوەی يـۆنگ لـە فرۆيـد جيـا دەكاتـەوە ئەوەيە كە فرۆيد باوەری بـە نەسـتی تاكـە كەسـی هـەبووە ، كەچـی يـۆنگ بـاوەری بـە نەسـتی كـۆ هـەبووە ، كـە بوونێكی هەميشەيی هەيە لە نێوان تاكەكاندا و كەلكەلەبووی كولتوور و عادات و تەقاليدی ئەو ميللەتەيە كە لە

[1] - سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣١

[2] - هەلمەت بايز رەسول ، رەهەندی دەروونی لە چيرۆكەكانی شێرزاد حەسەندا ، ل ٣٢

[3] - د. هاوژين صليوە ، رەهەندی دەروونی لە شيعرەكانی لەتيف هەلمەت دا ،

[4] -سەعيد محەمەد نوری ، دەروازەيەك بۆ سايكۆلۆژيای نووستن و خەوبينين ، گ- رامان ، ژ- ١٥٢ ، ١/١٥/ ٢٠١٠ ، ل ١٠٥

[5] - هەلمەت بايز رە سول ، رەهەندی دەروونی لە چيرۆكەكانی شێرزاد حەسەندا ، ل ٣٨

[6] - د. بسام قطوس ، دەروازەيەك بۆ ميتۆدەكانی رەخنەی هاوچەرخ ، و- محمد تاتانی ، چ١ ، چاپخانەی شڤان ، سلێمانی ، ٢٠١١ ، ل ٦٩

[7] - پێشرەو عەبدوللا ، شيعرەكانی ( بەختيار عەلی ) لە روانگەی دەروونشيكارييەوە ، نامەی ماستەر ، زانكۆی سەلاحەدين ، هەولێر ، ٢٠١١،ل١٥

باب و باپیرانەوە گواستراوەتەوە بۆ تاکەکان . کەواتە مرۆڤ سەبارەت بە نەست عەودالی شتە تینووەکانە ، شاعیران بە خەیال و خەون دەگەیێننە شتەکان و مرۆڤیش لە بوونی خۆیدا هەول دەدات بگاتە ئەو شتانەی کە پێی نەگەیشتووە .[1]

**تیۆری ئەدلەر ( ١٨٧٠ – ١٩٣٧ ) :**

هەروەك یۆنگ یەکێك بووە لە قوتابیانی فرۆید و لەسەر هەمان بۆچوونی ئەو کاری کردووە و لە بواری سایکۆلۆژیای تاکە کەسی کارێکی گرنگ و بە نرخی ئەنجام داوە . بەلام دواتر بیر و بۆچوونەکانی ئاراستەیەکی تریان وەرگرت . وەك فرۆید ( باوەری بە میکانیزمی دەروونی سەرخستن و ململانێی نێوان ( من و ئەو و منی بالا ) نەبوو . هەر وەها حەز و ئارەزووە سێکسییە کپکراوەکانی نەستیشی بە سەرچاوەی پالنەری داهێنان دانەدەنا ، بەلکو لە رێگای گرێی هەستکردن بە کەمییەوە ، هەولیدا پرۆسەی داهێنان لێك بداتەوە )[2] . ئەدلەر ( لە رێگەی هەستکردن بە کەمی سروشتی مرۆڤایەتی خستە ژێر تیشکی شیکردنەوە ، هەر لەو رێگەیەشەوە بۆ لێکۆلینەوە و توێژینەوە لە سەر لایەنەکانی تری کەسایەتی و دیاردە مرۆڤایەتییەکان هەنگاوی هەلێنا )[3] .

**بەشی دووەم :**

**رە هەندی دەروونی لە شیعرەکانی بێکەسدا :**

هەروەکو ئاشکرایە شاعیر لە شیعرەکانیدا دەروونی خۆی دەدوێنێ و ئەو شتانەی کە دەینووسێت لەناخی دەروونیەوە هەلدە قولێن ، بۆیە کەم و زۆر رەنگ و بۆی بابەتی دەروونیان لێ دێ . لەبەر ئەوە رەهەندی دەروونی بوونی بەردەوامی لە شیعردا هەیە .[4] بەمەش شیعر دەرخستنی ژیانی شاعیرە لە مندالییەوە تا قۆناغەکانی ژیانی و ئاوێتەیەکە کە بار و دۆخی رامیاری و کۆمەلایەتی و تەندروستی و دەور و بەری شاعیر ، لە شیعرەکانیدا رەنگ دەدەنەوە و کاریگەریان لەسەر باری دەروونی شاعیر دەبێت . بەمەش رەنگدانەوەی دەروونی شاعیر دەبێت .

لایەنی دەروونی بە ئاشکرا و روونی لە شیعرەکانی بێکەسدا دەبیندرێ . هۆکارەکەشی دەگەرێتەوە بۆ بار و دۆخی کۆمەل و ژیانی شاعیر و هۆکاری رامیاری و تەندروستی شاعیر . کە بۆتە هۆی ئەوەی بەرەو ناخی خۆی شۆرببێتەوە و لە قولایی بیر و هزر و نەستی گەوهەری بە نرخ بدۆزێتەوە و پێشکەشی خوێنەوارانی بکات . ئەگەر سەیری ژیانی بێکەس بکەین ، بۆمان روون دەبێتەوە کە چەند ژیانێکی سەخت و دژوار و پر تەنگ و چەلەمە و ناخۆشی بەسەر بردووە و کاریگەرییان لەسەر هەست و سۆز و دل و دەروونی کردووە وتوشی شلەژانێکی دەروونییان کردووە . بۆنموونە هەر لە تەمەنی سێ سالیدا تووشی ئاولە بووە و روخساری ناشیرن کردووە ، و لەسەردەمی منالیدا باوك و دایکی کۆچی دواییان کردووە و حەمەسەعیدی برا گەورەی لە ئاوی دجلە خنکاوە و کەوتۆتە لای خالی ، بەلام دوای چەند مانگێك ئەویش کۆچی دوایی کردووە و خۆی و برا بچووکی بە بێکەسی ماونەتەوە . لە بەر هەژاری خوێندی تەواو نەکردووە و خەریکی کار و کاسبی و فەرمانبەریەتی میری بووە ، لەبەر خەبات و شۆرشگیری و هەستی نیشتمانپەروەری دووچاری گرتن و

---

[1] - د. هاوژین صلیوە ، رەهەندی دەروونی لە شیعرەکانی لەتیف هەلمەت دا ، ل ٧٦

[2] - دوان شلتز ئەدلەر و سایکۆلۆجیای تاکە کەس ، و- رێبوار ئەحمەد ، گ – رامان ، ژ – ٤٥ ، ١٩٩٩ ، ل ٢٤٣

[3] - رێبوار محمد اسماعیل ، داهێنانی شیعریی نالی لە روانگەی رەخنەی دەروونشیکارییەوە ، نامەی ماستەر ، زانکۆی سەلاحەدین ، هەولێر ، ٢٠١١، ل ٩٨

[4] - د. هاوژین صلیوە ، رەهەندی دەروونی لە شیعرەکانی لەتیف هەلمەت دا ، ل ٩

دوورخستنەوە و لەسەر کار لابردن بووە .[1] ئـەم ژیانـە پـر ئـازار و ئەشـکەنجە و مەینەتییـە بووەتـە بەشـێك لـە بیرەوەری و لە نەستی ماوەتەوە و بەبێ ئاگایی لـە رێگـای شـیعرەکانیەوە دووبـارە هاتوونەتـە دەرەوە . رەهەنـدە دەروونیەکانیش بریتین لە :

١- **تـــورەیی و هەلچـــوون :** تـورەیی و هەلچوون ( حالـەتێکی جەسـتەیی دەروونـی هەلچووە ، ئـادەمیزاد لـە روی جەستەیی و دەروونیەوە پێی تێك دەچێت و بـار و دۆخـی دەشـێوێت و شـوێنەواری لـە سـەر دەردەکـەوێت . هەلچوون دەرناکەوێت تەنها لەو حالەتەدا نەبێت کە غەریزەیەك لە غەریزەکان لـە حالـەتی چالاکیدا بێـت ، وەك ترس و تۆقاندن و تورەیی و دلتەنگی و قێزکردنەوە و سەرسورمان و هەرەس )[2] . هەموو ئادەمیزادێك توورە دەبێ و هەلدەچێت ، لەبەر ئەوەی ( لایەنێکی سایکۆلۆجیە و هەموو مرۆڤێـك تێیـدا بەشـدارە ، تـەنیا ئاژەلانیش لایەنی تورەیی و هەلچوونیان هەیە ، تورەبوون و هەلچوون ناوبەناو پێویستە بۆ مرۆڤ ، بـۆ خـالی کردنەوەی کەف و کولی دەروون ، چونکە مرۆڤ دوای تورە بوون پاش چەند ساتێك هەست بە ئـارامی دەکـات )[3] . کەواتـــە چـــەند هۆکارێـــك هەیـــە دبنـــە هـــۆی تـــورەیی و هەلچـــوونی مـــرۆڤ . بێکەســـیش شـــاعیرێکی (نیشتمانپەروەر و دلسۆزی گەل و نیشتمان و هـەلگری ئـالای کوردایـەتی و نەتـەوە پەرسـتی بـووە و لـەریزی شـاعیرە قـەومی یـەکانی کـورد دەژمێردرێـت )[4] . هـەولی داوە تـۆی خۆشەویسـتی نیشـتمان لـە دل و دەروونـی تاکەکانی میللەتەکەی بروێنێت . بەلام کە سەیری کـردووە ( خـەباتی گـەلیش لـە قۆناغێکدا تێـك ئەشـکێ و ئەو یەکێتی یەی کە پێشتر لێشاوی گیانی شۆرشگێریی گەل لەناو هەموو چین و توێژەکانی کۆمەلدا دروسـتی کـرد بـوو ، ئەپسـێ و چـینە سـوود پەرسـتەکان پـەردە لـە رووی خۆیـان دا ئـەمالن و بـێ ئـەوەی شـەرم و شکۆیەکیان لە روودا بمێنێ ، ئەچن پاکانە بۆ دوژمنی خوێن خۆری گەلەکەیان ئەکەن و چێکی نۆکەرایـەتی خۆیانی بە هەر دە پەنجە بۆ مۆر دەکەن )[5] . ئەم دیاردەیە بێکەس توشی تورەیی و هەلچوون دەکات و پێش چاوی تاریك دەبێت و دل و دەروونی هەلدەچێت و هێرش دەکاتە سەریان و ریسوایان دەکات و دەلێت :

**قەدری میللەتتان بە جاریّ شکانـــــد**
**نە حەیاتان ما ، نە ناو و نیشــــــان**
**باری تەعنەتان وا هاتە سەر شـــــان**
**" وە فدی کوردستان ! میللەت فرۆشان !"**
**" هەرزە وەکیلی شاری خامۆشــــــــان "**[6]

- محمدی مەلا کربم ، دیوانی بێکەس ، چاپخانەی ( الادیب ) ، بەغدا ن ١٩٨٠ ، ل ٥ [1]
-د. هاوژین صلیوە ، رەهەندی دەروونی لە شیعرەکانی لەتیف هەلمەت دا ، ل ١١٥ [2]
- د. شکری عزیز الماضی ، تیۆری ئەدەبی ، ل ٣٦٣ [3]
- محمدی مەلا کریم ، دیوانی بێکەس ، ل ١٦ [4]
- سەچاوەی پێشوو ، ل ١٨ [5]
- سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٩ [6]

بێکەس ( دژی شێخیەتی و پرووپووچی شێخەکان و ئەو قسانە بەناو ئاینی یانەیە کە مەلایانی پاشکەوتوو بەناو خەلکدا بلاویان ئەکەنەوە و ئەم رەشە خەلکە بەسەزمانەی پێ لە خشتە ئەبەن ) [1] . کە سەیری ئەوانە دەکا و بۆی دەردەکەوێ کە ئەم شێخ و مەلایە تەلەکەبازانە هۆکاری دواکەوتوویی میللەتن ، دل و دەروونی دێتە جۆش و تووشی تورەیی و هەلچوون دەبێت و ریسوایان دەکات ، بە مەش هەندێ کەف و کولی دەروونی خامۆش دەبێتەوە و نەختێ ئارام دەبێتەوە و لەم بارەیەوە دەلێت :

**هەر دو گوێم پر بوو لە باسی وەعز و سەرفیترە و زەکات**
**هەر هەوالی حەشر و نەشرم پێ ئەلێی تاکو مەمـــــات**
**بەسیە لەم مەوزوعە لادە ، فێری نوێژ بوو کائینـــــات**
**خوتبەیێکی ئیجتیماعیم پێ بلێ بۆ رێی حەیــــــــات**
**ئەی مەلا توبی خودا لەم فیکرە کۆنە لا بـــــــــــدە**
**فەننی تازەم پێ نیشان دە بۆ تەرە قی و رێی نەجـــات [2]**

بێکەس ( بە لایەنگری ئازادی ئافرەت و خوێندن و کارکردنیەتی ، دژی سەرپۆش و عابا و پەچە و چارشێوە . هەروا دژی خۆ خەریك كردنیەتی بە ئارایشت و خۆ رازاندنەوە ) [3] . بەلای ئەو دەبوایە ئافرەت رو لە خوێندن و فێربوون و زانست بکات ، لەگەل پیاو بەیەکەوە هەولی پێشخستن و خۆشگوزەرانی کوردستان و میللەتەکەیان بدەن . هەروەك ئافرەتانی ولاتانی پێشکەوتوو ، رو لە خەبات و زانست بکەن و هەولی پەروەردەکردنی نەوەیەکی زانست پەروەر و خورەوشت بەرز و نیشتمانپەروەر بدەن . خۆیان بە رازاندنەوە و ئارایشت خەریك نەکەن و کۆمەل لەم هێزە کاریگەرە بێ بەش نەکەن . لەبەر ئەوە کە ئەم بارە ناهەموارەی ئافرەتانی کوردی بینیووە ، هەست و سۆزی بزواوە و دل و دەروونی شلەژاوە و توشی تورەبوون و هەلچوون بووە و بە شیعر گوزارشتی لەم بارە دەروونیەی کردووە و دەلێت :

**نەسرین دەمێکە داختْ لە دلـــە**
**گیرۆدەی بەندی ژیانت زولــــــە**
**وا من پێ ئەلێم چونکە لە سەرمە**
**هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمە**
**سەرپۆش فرێ دە چ وادەی شەرمە**

.......................................

**ئەمرۆ زەمانی عیلم و عیرفانـــــە**
**عالەم شەو و رۆژ وا لە فرمانـــــە**
**فەرقی نێر و مێ نی یە بیزانـــــە**
**هەستە تێکۆشە تا خوێنت گەرمـە**
**سەرپۆش فرێ دە چ وادەی شەرمـە [4]**

[1] - سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٧
[2] - سەچاوەی پێشوو ، ل ١١٢
[3] - سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٥
[4] - سەرچاوەی پێشوو ، ل ٣٦

**٢- نامۆیی :** نامۆیی یەکێکە لە دیاردە کۆن و هاوچەرخەکان و لەم ڕۆژگارەدا کەم کەس بەدەستیەوە گیرۆدە نەبووە . لەبەر ئەوەی مرۆڤ زۆر جار لەناوەوەی یان لە دەرەوەی ولات تووشی ئەم حالەتە دەبێت و ئارامی ژیانی لێ تێکدەدات و لەناخەوە هەست بە جۆرە ئازارێکی دەروونی دەکات .[1] و بە هۆیە وە ئادەمیزاد (پەیوەنی لەگەل خودی خۆی و بەهەمان شێوەش لەگەل کەسێکی تردا لە دەست دەدات[2] . ئەم دیاردەیە دیاردەیێکی دەروونییە و ( روو بە رووی مرۆڤ دەبێتەوە و کەسی نامۆ هەست دەکات ئەم جیهانە بە پێچەوانەی خواستی ئەو بەرێوە دەچێت و هیوا و ئاواتەکانی نایەتە دی ، کەسی نامۆ هەست بە تەنیایی دەکات )[3] . لای فرۆید هۆکاری نامۆبوون دەگەرێتەوە بۆ ئەنگێزەی سێکسی ، کە یەکێکە لە پێویستییە بایۆلۆژییەکانی ، کە لە لایەن یاساو واقیعە کۆمەلایەتییەکان دادەمرکێتەوە . وە پێی وایە ئەگەر بێت و ئەو وزە کپکراوە بخرێتە گەر لە رێگای چالاکییە رۆشنبیری و کۆمەلایەتییەکان ، ئەوا ئەو کات دەتوانرێت بە شیاوترین چالاکی لەرووی رۆشنبیری بێتە کایەوە )[4] .

هەروەها ئەدلەر بەشێوەیەکی گشتی لە رێگەی تێزەکەی ( هەستکردن بە کەمی و قەرەبوو کردنەوە ) لێکدانەوە بۆ لایەنە دەروونیە دیار و شاراوەکانی مرۆڤ دەکات و ( گرنگی زۆر بە کەم و کوری جەستەیی و ئەندامی و قەرەبوو کردنەوە دەدات . بە بروای ئەدلەر هەر کەم و کوری جەستەیی و ئەندامی قەرەبوو کردنەوە دەدات ، هەر کەم و کورییەك لە لای تاك دەبێتە هۆی هەستکردن بە کەمی ، ئەمەش دەبێتە سەرچاوەی هێز بۆ قەرەبوو کردنەوە لە دەرچەیەکی تردا )[5] . سەرەتا ئەدلەر تەنیا جەختی لەسەر کەم و کورییە جەستەیی و ئەندامییەکان دەکردەوە ، بەلام لە دواییدا ( هەموو کەم و کورتی لایەنە دەروونییەکانیشی گرتەوە ، کە لە ئەنجامی ناکاملی و پەشێوی و ئالۆزی دەروونی دروست دەبێت و ئەم ناتەواوییەش دەبێتە هۆی هەستکردن بە کەمی لای تاك ، لە گەل هێزی قەرەبوو کردنەوە تاك وەلامی ئەمە دەداتەوە . نامۆبوونیش وەك نەخۆشی دەروونی و حالەتی نائاسایی تاك ، مرۆڤ بەرەو ناهاوسەنگی دەبات لە رووی دەروونییەوە )[6] . واتە نامۆبوونیش بە هۆی هەموو ئەو بار و دۆخ و حالەتە نائاساییە جۆر بە جۆرانە، دووچاری مرۆڤ دەبێت و دەبێتە هۆی بەرهەم هێنانی مرۆڤێکی دەروون ئالۆز و ناتەواو ، ئەم ناتەواوییەش دەبێتە سەرچاوەیەك بۆ هێزی قەرەبوو کردنەوە . واتە بە بۆچوونی ئەدلەر ( ئەم هەستکردن بە کەمییە نیشانەی نەخۆشی و نوقستانی نی یە لە کەسایەتی مرۆڤدا ، بەلکو ئەمە هۆکار و سەرچاوەی هەموو ئەو پێشکەوتنانەیە کە مرۆڤ بە دەستیان دەهێنێ )[7] . نامۆییش چەند جۆرێکی هەیە وەك ( خودی – کۆمەلایەتی – ئابووری – رۆشنبیری – تەکنەلۆجی – سۆفیگەری – سێکسی – جوگرافی – ئاینی ) .

---

[1] - هەلمەت بایز رە سول ، رەهەندی دەروونی لە چیرۆکەکانی شێرزاد حەسەندا ، ل ١٨٤

[2] - رەفیق سابیر ، نامۆبوون لە چیرۆکەکانی ( حوسێن عارف ) دا ، گ- گەلاوێژ ، ژ- ٢ ، ١٩٩٧ ، ل ٣٥

[3] -د. هاوژین صلیوە ، رەهەندی دەروونی لە شیعرەکانی لەتیف هەلمەت دا ، ل ١٤٨

[4] - ستاری پیرداودی ، ئەنگێزە سەرەکیەکانی نیگەرانی خود و چەمکی نامۆبوون لە دیدەگای فرۆیدا ، گ- کاروان ، ژ- ١٣٥ ، ١٩٩٠، ل ١٤٣

[5] - د. کەریم شەریف قەرەچەتانی ، ئالفرید ئادلەر ، گ – رامان ، ژ – ١٠١، ٢٠٠٥ ، ل ١٥٠

[6] - سەرچاوەی پێشوو .

[7] - سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٥١

بار و دۆخە نا هەموارە کۆمەلایەتی و رامیارییەکەی سەردەمی بێکەس ، بۆتە هۆی ئەوەی هەستێتکی نامۆیی لە لا دروست ببێت . بۆنموونە ، باری ژیانی سەردەم و هەولدانی هەندێ لە پیاوانی ئاینی بۆ بەدەستهێنانی قوت و پەسەند کردنی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بەسەر بەرژەوەندی گشتی و دوو روویيان بەوەی قسەیەك دەكەن و كارێكی پێچەوانەی جێ بەجێ دەكەن و دووركەوتنەوە لە ناوەرۆكی راستەقینەی ئاین و خەریككردنی خەلك بە دەروێشیزم و هەندێ دیاردەی دیكەوە ، بێكەسی شاعیری وا لێكردووە هەستێكی نامۆیی بەرامبەر بەو واقیعە لە لا دروست ببێت . نامۆبوونی بێكەس لێرەدا لەبەر هەندێ بەها و داب و نەریتی ئاینییەوە دروست بووە ، كە بێكەسی رۆشنبیر بروای پێیان نییە و دەزانێ دورن لە جەوهەری ئاینەوە . بەلام هەنێ لە شێخ و پیاوانی ئاینی بۆ بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان پیادەی دەكەن . رەنگدانەوەی ئەم دۆخەش لای شاعیر ئاساییە ، چونكە ئادەمیزادێكی رۆشنگەرە و لە نێوان ئاستی وشیاری خۆی و ئەو نەریتە دواكەوتوانەدا بۆشاییەك هەیە و ئەمەش وای كردووە ، نامۆ بێ پێیان و نەتوانێ لەگەلیاندا هەلبكات و دەلێت :

**شێخ كە دەف لێ دەن وەكوو ( ...... ) لە زیكرا هەلپەرێ**
**حەقیقەتی دەروێشی مسكێن ناعیلاج گەر هەلتـــــرێ**
**شێخ لەبەر چاوی مریدا خۆی بە جیبریل دائەنــــــێ**
**( بالتبع ) هەر شەخسی جاهیل زووبەزوو بۆی دێتـــە رێ**
**شێخ لەبەر تەئمینی قووتی رێی حەقیقەت لا ئـــــەدا**
**..... دنیای چ باسە ، یاخۆ دینی وەرگـــــــــــەرێ**
**شێخ خیلافی ئەمری باری هەرچی فیعلێكی هەیـــــە**
**گشتی بۆ تەحسیلی پارە تا لە خەلقی وەرگـــــــرێ**
**كەی خودا فەرمووی كە وەك گا بۆرەبۆر دەست پێ بكــەی**
**ورگی خۆت رووت كەی بە شمشێر لێی بدەی تا هەلـــدرێ**
**صەد ئەسەف بۆ دینی ئیسلام چەند پەرێشان بوو لە دەس**
**شێخ و دەروێش و مەلای ..... خوایە ئەمسالیان بـــــرێ** [1]

هەروەها دەلێت :

**لای مەلا وایە كە جەننەت تەكییە و ولات خانەیـــــە**
**جێی مورید و شێخ و سۆفی ، مەلجەئی دێوانەیـــــــە**
**غەیری ئەم قیسمانە باقی كافری بتخانەیـــــــــە**
**موختەریع ، عالم ، مونەووەر پەشمە لای ، ئەفسانەیە** [2]

هەروەها دەلێت :

**ئەوروپا پاپای تەمێ كرد ، دەستی دایە عیلم و فــــەن**
**بێ تەل و كەشتیی دروست كرد ، دائیمی هەر هەول ئەدەن**
**قەومی ئیسلامیش مەلا گەر بێتو زوو ئیسلاح نەكـــــەن**
**دائیمەن مەحكوومی جەهلن ، سووك و ریسوا و نا پەسەنـد**

[1] -محمدی مەلا كریم ، دیوانی بێكەس ، ل ١١٠

[2] - سەرچاوەی پێشوو ، ل ١١٤

**ئەی مەلا تۆ بی خودا لەم فیکرە کۆنە لا بـــــــــدە**
**باسی قەبر و مار بگۆڕە ، بێرە سەر باسی وەتـــــــەن** [1]

هەروەها لە شیعری ( ئەی مانگ ) دا ، بێکەس پەنای بردۆتە بەر بەزمانهێنانی ( مانگ ) ، دیارە دیاردەی بەکەس کردن و گفتوگۆکردن لەگەڵ نازیندوو دا بە شێوەیەکی گشتی لە ئەنجامی بێزار بوونی خودە لە ئاخاوتن لەگەڵ دەور و بەر بە هۆی بێ ئومێد بوون لە دۆزینەوەی هاوتا و هاودەمێك بۆ قسەکردن ، لە کۆتاییشدا ئەم حالەتە جۆرێك لە نامۆبوون دروست دەکا و ئەم شیعرەش نمونەیەکی دیاری بەرجەستەکردنی ئەم بارەیە کە دەڵێت :

**ئەی مانگ من و تۆ هەردو هاودەردیـــن**
**هەردو گروفتار یەك ئاهی سەردیـــن**
**تۆ وێڵ و رەنگ زەرد بە ئاسمانـــەوە**
**منیش دەربەدەر بە شارانـــــــەوە**
**دەخیلتم ئەی مانگ قیبلەی دلــداران**
**دەرمانی دەردی دڵەی بیمـــــاران**
**شەوێکە و ئەمشەو بگەرە فریـــــام**
**بێ یار و هاودەم عاجز و تەنیـــــام**

**٣-دارمانی دەروونی** : دارمانی دەروونی ململانێی ( منی بالا ) و ( ئەو ) وە ، کە لەم میانەیەدا ( من ) توشی ئەم بارە دەروونییە دەبێ ، چونکە لە ئەنجامی ململانێی نێوان ( منی بالا ) و ( ئەو ) وە ،( من ) هیچ کامیانی بۆ تێر ناکرێ .

بێکەس لە ئەنجامی سەرنەکەوتنی لە ژیانی واقیعی خۆیدا ، لە بەر پابەند بوون و بروا بوونی بە بەها مرۆڤایەتییە بالاکانەوە ، توشی دارمانی دەروونی دەبێ ، چونکە لە واقیعی ژیانیدا بەها نزم و نەرێنییەکان سەردەکەون و ئەو مرۆڤانە لە خۆشیدان کە دەستبەرداری رەوشت و بەها بالاکان بوون و بە پێچەوانەوەش ئەوانەی خورەشت بەرزن و پابەندی بەها بالاکەن ، بەشیان ناخۆشی و ئازار و تەنگ و چەڵەمە و گرتن و دوورخستنەوەیە . بۆ رزگار بوون لەو دۆزەخە دەروونیانەی کە شاعیر تیایدا بووە و هەستی پێکردوون و بۆ خۆ پاراستن لە سوتانی دەروونی ، ( من ) ی شاعیر پەنای بردۆتە بەر خود بالایی ( الترقی ) ، وەك میکانیزمێکی بەرگری ناخود ئاگا ، چونکە لەم روانگەیەوە و بە پێی قوتابخانەی دەروونشیکاری ، هەموو بەرهەمێکی هونەری سەرچاوەکەی لەو میکانیزمەوە دێ .

لە شیعری ( بێزاری ) دا ، هەست بەوە دەکرێ کە بێکەس توشی دارمانی دەروونی بووە و لە ژیان و بەختی رەشی بێزار بووە و ژیانی بۆتە دۆزەخ ، لەبەر ئەوەی عیزەتی نەفسی و باوەری بە بەها بەرزەکان بۆتە هۆی ئەوەی کە لەگەڵ ئەم واقیعە ناهەموارە هەڵنەکات و دەڵێت :

[1] - سەرچاوەی پێشوو ، ل ١١٣

لە حالم بۆیە بێزارم ، تەماشاکەن کە چەند عەکـــــسم
لە پەستیی بەختی ناپوخت و لە بەرزیی عیززەتی نەفسم
لە کوللی ییەی ژیانا من هەزاران تەجرەبەم دیـــــــوە
کەچی ئێستاکە وا تازە خەریکی مەکتەب و دەرســــــم
بە دووروویی و درۆو ساختە گەلێ کەس پێ گەیی ، ئەمما
منی ( بێ کەس ) لەسەر راسی بە دائیم گیرەوەی حەپسم
ئەوانەی دوێنێ گالتەم پێ ئەکردن ئێستە زۆر بـــــەرزن
تفوو لەم بەختە سەرسەختە و لە ناوچاوانی وا نەحــسم
زەمانی پیاوی جاسووسە ، چ وەختی سیدق و نامووســــە
لە هەرلا باسی ئەخلاق و وەفا بکرێ ئەبێ هەلســــــم
ئەوەندە تەعقیبی حەقم کرد هەتا وا سووك و ریسوا بووم
هەزاران لەعنەتم بۆ دێ لە هەر شوێنێ کرا بەحســــم
رەواجی کوا لای خەلقی وتار و شیعری پڕ مەعنـــــــا
گەلێ کەس پێکەنینی دێ بە گوفتار و دەم و لەوســــــم [1]

هەروەها لە شیعری ( دەردی دەروون ) یش هەمان دارمانی دەروونی بێکەس دەردەکەوێت ، کە لەبەر نالەباری و ناداد پەروەری زەمانە ، توشی خەم و خەفەت و گۆشەگیری و دابران لە ژیان بووە و وەك ئادەمیزادێکی بێ هۆش و تلیاك خۆر ئاگای لە خۆی نەماوە و دەڵێت :

دەمێکە یاران مات و خامۆشــــــم
وێنەی تلیاك کێش مەست و بێ هۆش
خۆ لە تەنقیدات دوور خستۆتـــەوە
هەوالی دونیام لە بیر چۆتــــەوە
نازانم دنیا رۆژە یا شـــــــەوە
هەموو کارێکم خواردن و خــــەوە
لە دەنگ و باسی خەلقی بێ خەبــەر
وەك حەیوان ئەژیم ، دوورم لە بەشەر
خەریکی چی بم غەیرەز خواردنـــەوە
باسی قومار و پارە بردنــــــەوە
حەقمە لێم گەرێ تەعنەم لێ مــەدە
حەقێکی ئەوتۆ لە صەدا صـــــەدە
مردم ئەوەندە هەول و چەنــــەم دا
هەرچێکم نووسی گشتی چوو بە بـــــا [2]

[1] - سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٣٩
[2] - سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٤٤

٤- **دودلی :** به هۆی هۆکاره باباتی و خودیەکانەوه دودلی لایەنێکی زۆری ژیانی بێکەسی گرتۆتەوه ، ناسەقامگیری و نائارامی هەلومەرجی ژیان و گوزەرانی ئەوکات ، یارمەتیدەر بوون کە مرۆڤێکی هوشیاری خەم لە خۆ خۆر و خەم لە میللەت خۆر ، توشی دلەراوکێ و دودلی ببێ و تەنانەت نەتوانێ بریارێکی یەکلاکەرەوە لەسەر هەندێ دیاردە و بیر و بۆچوون بدات .

ئەوەتا بێکەس لە ناونیشانی دوو شیعردا ( داد لە دەست تیاترۆ – تیاترۆ ببێ چاترە ) ، پارادۆکس ( مفارقە ) ێك دروست دەکا و هەوال لە بارەی بوون و نەبوونی تیاترۆ وە دەدات ، بابەتی ( داد لەدەست تیاترۆ ) و ( تیاترۆ ببێ چاترە ) ، دوو شیعری بێکەسن و ئەگەر سەرنجی ناونیشانەکە بدەین ، ئەوە رون دەبێتەوە کە ئەم دوو ناونیشانە گوزارشتکردنێکی راستەقینەن لە دیاردەی دودلی و لایەنێکی نا سەقامگیری لە دەروونی شاعیردا .
بێکەس لە شیعری ( داد لە دەست تیاترۆ ) دەلێت :

**خەیال و عەشقی تیاترۆ ، ( فایق ) ی کردووە پەرێشان**
**مەراق و دەردی کەم بوو ، ئەویشی هاتە سەرشـــــان**
**جاران غەمی ورگم بوو ، ئێستا لەوەش تـــــرازا**
**تالیبی بەزم و رەزمم ، مائیلی چالغی و کەمــــان**
**نازانم هەولی چی دەم ، هەولی قووت و ئیـــدارە**
**یاخود بۆ پارەی تیاترۆ بکەومە ساختە لێـــدان**
**حاسلی تووشی داوێ بووم نی یە رێی نەجاتـــم**
**دائیم مەحزوون و موفلیس هەمیشە مات و حەیــران**
**بە رۆژ شان و قۆل ئەکوتین ، سا هەرچێکمان دەس کەوێ**
**شەوێ تەسلیم بە ( نۆبار ) ئەکرێ و ئەیخاتە گیرفـان**
**خۆ ئەوەندەش نەگبەتم هەر ئەچمە ریزی ئـــەووەل**
**ئەلێم گۆم هەتا قوول بێ مەلەی خۆشە بۆ ئینســان**
**بەو رەنگە مالی باوکی خۆم کاول کرد بە جـــارێ**
**وەها پەرپووت و لات بووم بۆ پوولێ ئەچمە ئاسمـــان**
**خێرێ کە ئەم عالەمە ئەیدەنەوە بـــــۆ ( نۆبار )**
**باوك بۆ ئەولادی خۆی نایداتەوە بە یـــەزدان**
**پارە و پوولمان لێ برا ، کەوتینە مال فرۆشتـــن**
**تەنیا لێفەمان ماوە ، ئەویش ئەخرێتە مەیـــدان**

کۆتایی شیعرەکە ئەوپەری بێزاری بێەس دەردەخات لە تیاترۆ و داوای داخستنی و دەرکردنی کارمەندەکانی دەکات ، بۆ ئەوەی ئەو و هاولاتیانی تر رزگارییان بێت و دەلێت :

**هەتا زووە عیلاجیّ ئەمانە لێرە دەرکـــەن**
**وابیّ بەرگە ناگرین ، ئیتر ویجدانی خوّتان** [1]

بەلام دوای ماوەیەك بێکەس لە قسەکەی دەربارەی خرابی و شوومی و مالوێرانکەری تیاترۆ پاشگەز دەبێتەوە و ستاییشی دەکات و بە شوێنێکی خۆش و ئارام بەخش و لادەری ئازار و پەستی و خەم و خەفەتی دادەنێت ، کە ئەش نیشانەی دودلی شاعیرە ولە شیعری ( تیاترۆ ببیّ چاترە ) دەلێت :

**خەلقە ، نەمزانی زۆر پەشیمانـــــم**
**هەجوی تیاترۆم کرد ، لال بیّ زمانم**
**دەستی شکاوم بۆ ئەو زەمانــــــــــە**
**کە ( نۆبار ) ئیشی ئەکرد لێرانــــە**
**زەمانێکی زۆر خۆش بوو بـــــرادەر**
**کاشکی هەر لێرا بوونایە تا ســـەر**
**لەو ساو رۆتشتوون زۆر بیّ قــەرارم**
**هەمیشە مات و پەست و غەمبـــارم**
**ئێستا کە شەویّ بوو بە سەعات سیّ**
**بۆ دەرمان لە دەر نابینی کەســـــیّ**
**خواە و ناخواهی ئەم خەلقە بــە زۆر**
**ئەچنە مالەوە بۆ ژێر لێفە و بـــۆر**
**سەیری شار بکەی کە چەند تاریکــە**
**بیّ زەوق و بیّ دەنگ بیّ ئەلکتریکـــە**
**هەروا ئەزانی کە قەبرستانــــــــە**
**یا چەشنی بابل هەمووی وێرانــــــە** [2]

مەسەلەی دودلی و نەتوانینی جیاکردنەوەی شتەکان و بریار وەرگرتن لە بارەیانەوە ، لە شیعرێکی تری بێکەسدا بـە ناونیشانی ( کـە پـارەت بـوو خـزم زۆرە ) ، رەنـگ دەداتـەوە . کـە بـار و دۆخـی ژیـان و تێکچوونی شیرازەی کۆمەلایەتی ، دۆخێکی وای دروست کردووە کە شاعیر بە ئاسانی نـەتوانیّ تەنانـەت چـاك و خـەراپیش لێك جیا بکاتەوە و دەلێت :

**سەرم سوور ماوە نازانم چ شەخسیّ بیّ غەش و چاکــــە**
**لە ناو ئەو قەومەدا کیّ یە لەگەل هاوجینسی خۆی پاکـە**
**لە لام وا باشە ئێستاکە بە کەس پشتیّ نەبەستی تـــۆ**
**لە خزم و دۆست و ئاشنایان هەتا ئەتوانی هەر راکــــە** [3]

---

- سەرچاوەی پێشوو ، ل ٨٩ [1]
- سەرچاوەی پێشوو ، ل ٩١ [2]
- سەرچاوەی پێشوو ، ل ٨٧ [3]

٥- **رەشبینی** : رەشبینی دیاردەییَکی دەروونییە و( روو بە رووی هەموو مرۆڤێك دەبێتەوە و لە قۆناغێك لە قۆناغەکانی ژیانیدا بە شێوەیەکی پچرپچر ، مرۆ لە ژیانیدا لە نێو خۆشی و ئازاردا دەژێت ، مرۆڤی گەشبین ئەو کەسەیە پێشوازی لە شتە خۆشەکانی جیهان بکات و شتە ناخۆشەکان لەلای خۆی رەتبکاتەوە یاخود وانەو پەندیان لێوەربگرێت و ئایندەی خۆی پێ جوان بکات ، کەسی رە شبین ئەو کەسەیە تروسکایی و رووناکی لە نێو ژیاندا نابینێ و هەمیشە بیر لە مردن دەکاتەوە و هیچ بروایەکی بە داهاتوو نییە ) [١] .
کەواتە دەتوانین بلێین کەسی رەشبین ئەو کەسەیە ( کە هەلسوکەوتی لەگەل کۆمەلگادا ناگونجێ و درك کردنی لاسەنگ دەبێت و ناتوانێ راستی و خەیال لێکجیا بکاتەوە ، دەبێتە کۆیلەی ورێنە و وەهم و دەست بەرداری بیرکردنەوە و سۆز دەبێت و دەست لە دونیا دەشوات ) [٢] .

بێکەسیش شاعیر بوو و شاعیریش مرۆڤێکی هەست ناسکە و دەور و بەر و بار و دۆخی رامیاری و کۆمەلایەتییە ناهەموارەکا کاریان تێکردووە و توشی بێ ئومێدی و رەشبینیان کردووە و ئەو رەشبینیانەی ژیانی لە شیعرەکانیدا رەنگیان داوەتەوە .
بێکەس شاعیرێك نیشتمانپەروە و دلسۆی میللەتەکەی بووە و هەموو هیواو ئاواتی سەربەخۆیی و سەرفرازی میللەتەکەی بووە ، بەلام زانیویەتی کە پەیمانی نەتەوە یەکگرتووەکان و ولاتانی رۆژئاوا بۆ سەربەخۆیی و دامەزراندی دەولەتی کوردی ، هەمووی درۆ و هەلخەلەتاندنی کوردە ، تووشی بێ ئومێدی دەبێ و رەشبینی دەیگرێ و ئاسۆی روونی دوارۆژی لەلا تاریك دەبێ و دەلێت :

**دەنگ بلاوە و خەلق ئەلێن ئە مجارە کورد سەربەست ئەبێ**
**چی ئەلێن ، بیلێن ، لەلام وایە درۆ و چاوبەست ئەبـــێ**
**صەد هەزار جارمان سیاسەت تەجروبە کرد و کەچــــــی**
**ئێستەکەش زۆرمان بە فیشالی وەها سەرمەست ئەبــــــێ**
**کەی حوقووق ئەدرێ ؟ ئەسەنرێ . عەییە ئیتر تێ بگـــەن**
**سەربەخۆیی چۆن نسیبی قەومی وا بێ دەست ئەبــــــــێ**
**میللەتی جاهیل لە دنیادا ئەبێ هەر بەندە بـــــــــــێ**
**نۆکەری هەر خشت بە بالای قەومی دیل و پەست ئەبــــێ** [٣]

باری کۆمەلایەتی ناهەموار و دواکەوتووی ئەوساکەی میللەتی کورد ، لە نۆکەری بێگانە و دوودلی و ناتەبایی و هەولدان لەپێناو کۆکردنەوەی پارە و بایەخ نەدان بە زانست و زانیاری ، بێکەسی رەشبین کردووە لە بەدەست هێنانی ئاسۆییَکی روناك و دوارۆژێکی پرشنگدار بۆ میللەتەکەی و دەلێت :

-د. هاوژین صلیوە ، رەهەندی دەروونی لە شیعرەکانی لەتیف هەلمەت دا ، ل ١١٠ [١]
- لوقمان باپیر ، نەخۆشی دەروونی ، گ – مێرگ ، ژ – ٤٨ ، ٢٠٠٩ ، ل ٥٨ [٢]
- محمدی مەلا کریم ، دیوانی بێکەس ، ل ٢٤ [٣]

کورد ئەبەد ناگاتە مەقصەد ، نۆکەری بێگانەیـە
دوودلن ، پیسن لەگەل یەك ، بۆیە وا بێ لانەیــە
میللەتێکن بۆ نەمانی یەکتری هەر هەول ئـــەدەن
داخەکەم ورد و درشتی شێت و شەیدای ئانەیـــــە
سەنعەت و عیلم و مەعاریف زەررەیەك باوی نی یە
پیاوەتی لایان بە تەنها چەفتەو و جامانەیـــــە
بۆ قسەی زل بێ قسوورن ، باسی کوردییەت ئەکـەن
کوردییەت خورمایە بۆچی ، یا قسەی شێتانەیـــــە
میللەتی بێ عیلم و ئەخلاق چۆن بە ئیستیقلال ئەگـا
واسیتەی بەرزی و تەرەقی هیممەتی مەردانەیـــــە [1]

بێکەس هیواو ئاواتی پەروەردەکردنی گەنجی خورەوشت بەرز و نیشتمانپەروەر و خوێنـدەوار و زانسـت پـەروەر بـووە ، بۆئـەوەی ڕێگـای رزگـاری و سـەرفرازی و پێشـکەوتنی میللەتەکـەیان والا بکـەن و لـە دەسـت دیلـی و دواکەوتوویی رزگاریـان بێـت . بـەلام کـە سـەیری کـردووە کەنجـەکان لـە جیـاتی کۆشـش و خـەبات و خوێنـدن ، خەریکی کات رابواردنن بە شتی بێ مانا و هیچ و پووچ وەك قومار و خواردنەوە ، لەم گەنجانە بێ ئومێد بووە و رەشبینی دایگرتووە و دەلێت :

وا سلێمانی گشت ئینتیزامـــــــــی
هاتە سەر یاریی ( پۆکەر ) و ( رامـــی )
بلاو بۆتەوە لەناو خاس و عــــــــام
( جۆکەر ) یان کردە و یردی سوبح و شام
گەر بێ خەبەری لەم ئەحوالانـــــــە
شەوێ بچۆرە ئەو چاخانانــــــــــە
ئەوسا ئەبینی لە هەموو لایـــــــەك
هەرچەند کەسێکە و چۆتە پەنایـــەك
دەوری قاقەزیان داوە و دانیشتـــــوون
بۆ وەسلی جۆکەر شێت و شەیدا بـــوون
خەریکی یارین هۆشیان نەمـــــــاوە
ملیان کوور بووە و پشتیان چەمــــاوە
هەر تەق و هوور و هەرا هەرایـــــــە
سەیرێکی خۆشە وەك سینەمایـــــــە
بەلێ درێغا ئەم قەومی کــــــــوردە
بۆ شتی بێ فەر بە دەست و بـــــردە
نیفاق و درۆ و جاسووسی و قومــــــار
تێ یا ماهیرن وەکوو دانی مـــــــار [1]

- سەرچاوەی پێشوو ، ل ٢٥ [1]

هەروەها دیاردەی بەروپێشەچوونی مرۆڤ لە سەر بنەمای بنەماڵە و دەولەمەنی و نیفاق و مل شکاندن و دواکەوتنی مرۆفی زانست پەروەر و خەمخۆری گەل و نیشتمان ، لەبەر هەژاری و نەداری و بێ پشت و پەنا . وەك دیاردەیەکی دزێو و ناهەموار و ئازار بەخش ، دل و دەروونی بێکەسی هەژاندووە و توشی بێ ئومێی و رەشبینی کردووە و بۆتە هۆی ئەوەی دژی زانست و خزم و خۆیش بێت و دەڵێت :

**عیلم و نەزانین بخــــــەرە لاوە**
**هەر پشتت ببێ کارت تــــەواوە**
**خزم و خویش قسەی پیرێ ژنانــە**
**رەفیقی دلسۆز ئێستە جـــــزدانـە** [2]

شیعری ( باهار نامەوێ ) ، یەکێکە لەو شیعرانەی کە ئەوپەری بێ ئومێدی بێکەس و رەشبینی لە ژیان و کۆمەل پێشان دەدات ، و لەدەست ئەو بار و دۆخە ناهەموارەی تووشی رەشبینی بووە و تروسکایەك روناکی بەرچاو ناکەوێت و دەڵێت :

**بەهار نامەوێ جوانیت ببینـــــــم**
**ئەمرۆ من بە دل پەست و خەمگینم**
**دوورم لە خۆشی ، خەریکی شینـــم**
**زار و بێزارم تاریکە ژینـــــــــم**
**دوژمنی لالە و گول و نەسرینــــم**
**بەهار نامەوێ جوانیت ببینــــــم**

⋆ ⋆ ⋆

**بەهار بولبولت با هەر بخوێنـــێ**
**گولیش لە دەشتا با خۆی بنوێنــێ**
**کانیت ئاوی روون با هەلقولێنـــێ**
**گژو گیات هەوا با بیشەکێنــــێ**
**ئەمانە دلی من نابزوێنـــــــێ**
**بەهار نامەوێ جوانیت ببینـــــم** [3]

هەروەها شیعری ( جەژنی چی ) ، رەنگدانەوەی دل و دەروونێکی پەشێواو و غەمگین و پر ئاه و نالە و گریان و بێزاری و رەشبینە . کە جگە لە بێ ئومێدی و رەشبینی هیچ تروسکاییەك روناکی تیادا نابیندرێ . دووبارە کردنەوەی ( کوانێ ) و ئامرازی سەرسورمان ( ! ) بۆ ژەند جارێك ، رەنگدانەوەو جەختکردنە لەم بارە دەروونییە رەشبین و بێ ئومێدە و دەڵێت :

---

- سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٠٦ [1]
- سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٢٧ [2]
- سەرچاوەی پێشوو ، ل ١٦٥ [3]

**جەژنیَ بە شیَوەی پەشیَوی و بە شین**
**بە ئاە و ئۆف و بە نالە و گریـــــن**
**بە ئاوازی دل ، دلانی غەمگیـــــن**
**بە ئاهی سارد و بە برژەی بریـــــن**
**رازابیَتەوە ، جەژنی من کوانـــــیَ !**
**کوا شادی ، کوانیَ ، کوا کامەرانـــی ! [1]**

بەمەش بۆمان دەردەکەویَت کە هەندیَ جار بیَکەس لە بەر بار و دۆخی ناهەمواری ژیان و کۆمەل ، تووشی رەشبینی بووە و هیچ هیوایێکی بە داهاتوو نەماوە و تروسکاییەك هیوای نەهیَشتۆتەوە .
بیَکەس لە ریَگای ئەو شیعرانەوە ویستویەتی نەختیَ پالەپەستۆی دەروونی خۆی کەم بکاتەوە ، بۆ ئەوەی نەختیَ ئارامی و ئاسوودەیی بە دل و دەروونە شلەژاو و خەم وخەفەتبار و بیَ ئومیَد و بیَزارەکەی بدات ، بەلام هەندیَ جار ئەم شیعرانە دادی دل و دەروونیان نەداوە و لەم بارە دەروونییە رزگاریان نەکردووە ، بویە بۆ رزگاربوون لەم بارە دەروونیە سەختە و ئاسوودەبوون ، پەنای بۆ مەی بردووە و دەلیَت :

**ساقی فیداتم .. ساقی فیداتـــم ..**
**دل چەستە ، هەستە ساقی فیداتم**
**حەیرانی لە نجە و بەژن و بالاـــم**
**شەرابیَ با بیَ بۆ دلەی ماتـــــم**
**رەونەقیَ ، شەوقیَ با بە حەیاـــم**
**لە دەستی پەستی بدا نەجاتـــم [2]**

## ئە نجام

ئەنجامی لیَکۆلینەوەکە لەم خالانەی خوارەوە چڕ کراوەتەوە :

- باری کۆمەلایەتی ناهەمواری میللەتی کورد لەو سەردەمەدا ، لە ناتەبایی و دووفاقی و پشت لە میللەت و رزگاری نیشتمان کردن و هەولدان بۆ بەرژەوەندی تایبەتی و هەلس و کەوتی هەندیَ لە مەلا و شیَخ و پیاوە ئاینییەکان بۆ هەلخەلەتاندن و فریودانی خەلك و بەدەست هیَنانی پارە و بەرژەوەندی تایبەتی ، دل و دەروونی بیَکەسی وروژاندووە و توشی توورەیی و هەلچوونی کردووە . ئەمەش رەنگدانەوەی لە شیعرەکانی هەبووە و بە شیعر هیَرشی کردۆتە سەریان و ریسوایانی کردووە .
- باری ژیانی سەردەم و هەولدانی هەندیَ لە پیاوانی ئاینی بۆ پەیداکردنی قووت و پەسەند کردنی بەرژەوەندی تایبەتی خۆیان بەسەر بەرژەوەندی گشتی ، و دوو روویی و دوورکەوتنەوەیان لە ناوەرۆکی راستەقینەی ئاین و خەریککردنی خەلك بە دەرویَشیزم و بایەخ نەدانی تاکی کورد ، بە زانست و زانیاری و فرامۆشکردنی رۆلی ئافرەت لە کۆمەلدا ، بۆتە هۆی دروستکردنی بۆشاییەك لە نیَوان ئاستی وشیاری و

---

[1] - سەرچاوەی پیَشوو ، ل ٢٣١
[2] - سەرچاوەی پیَشوو ، ل ١٢٩

رۆشنگەری بێکەس و ئەو نەریتە دواکەوتووانە و تێکدانی ئارامی ژیانی و لە ناخەوە هەستکردن بە جۆرە ئازارێکی دەروونی و نە هاتنە دی هیوا و ئاواتەکانی و تووشبوونی بە نامۆیی .

ـ بێکەس لە ئەنجامی سەرنەکەوتنی لە ژیانی واقیعی خۆیدا ، لەبەر پابەند بوون و بروای بە بەها مرۆڤایەتیە بالاکانەوە ، و سەرکەوتنی بەها نزم و نەرێنییەکان و سەرنەکەوتنی بەها بالاکان ، تووشی دارمانی دەروونی بووە و ئەم بارە دەروونییەش لە شیعرەکانیدا هەستیان پێ دەکرێت .

ـ ناسەقامگیری و نا ئارامی هەل و مەرجی ژیان و گوزەرانی ئەو کات ، هۆکارێك بوون بۆ ئەوەی مرۆڤێکی هۆشیاری خەم لە خۆ و لە میللەت خۆری وەك بێکەس ، تووشی دلەراوکێ و دوودلی ببێت و نەتوانێت بریارێکی یەکلاکەرەوە لە سەر هەندێ دیاردە و بیر و بۆ چوون بدات ، و ئەم دیاردە دەروونییە لە شیعرەکانیدا رەنگ بداتەوە .

ـ بێکەس مرۆڤێکی نیشتمانپەروەر و دلسۆزی خاك و میللەتەکەی بووە ، هەروەها شاعیریش بووە ، شاعیریش مرۆڤێکی هەست ناسکە و دەور و بەر و بار و دۆخە رامیاری و کۆمەلایەتییە ناهەموارەکان ، کاریان لە هەست و سۆزی کردووە و تووشی بێ ئومێدی و رەشبینیان کردووە و ئەم بارە دەروونیە لە شیعرەکانی رەنگیان داوەتەوە .

## سەرچاوەکان :

### ١-بە زمانی کوردی

### أ-کتێب :


١-ئا . و . رێباز عزیز ، فێربوونی سەرکەوتوو ، چ١ ، چاپخانەی موکریان ، هەولێر ، ٢٠٠٩

٢-بسام قنوع( د )، دەروازەیەك بۆ میتۆدەکانی رەخنەی هاوچەرخ،و- محمد تاتانی،چ١ ، چاپخانەی شڤان ، سلێمانی ، ٢٠١١

٣-شکری عزیز الماضی ، تیۆری ئەدەب ، و- د. سردار ئەحمەد گەردی ، چ١، چاپخانەی ماردین ، هەولێر ، ٢٠١٠

٤-فازیل نیزامەدین، فەرهەنگی شیرینی نوێ، عەرەبی- کوردی،چ١، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی سەردەم ،سلێمانی، ٢٠٠٧

٥-کەمال میراودەل، (د) ، فەلسەفەی جوانی و هونەر ( ئیستاتیکا) ، چ٢، چاپخانەی قانیع ، سلێمانی ، ٢٠٠٥

٦-کەریم شەریف قەرەچەتانی (د) ، سایکۆلۆجیای رێنمایی دەروونی ، چ١، چاپخانەی وەزارەتی پەروەردە، هەولێر، ٢٠٠٥

٧-محمدی مەلا کریم ، دیوانی بێکەس ، چاپخانەی الادیب ، بەغدا ، ١٩٨٠

٨-هەژار ، هەنبانە بۆرینە ، فەرهەنگ کوردی — فارسی ، چ٤ ، انتشارات سروشت ، ایران ، ١٣٨٤

٩-هاوژین صلیوە ( د ) ، رەهەندی دەروونی لە شیعرەکانی لەتیف هەلمەت دا ، چاپخانەی رۆژهەلات ، هەولێر ، ٢٠١٣

١٠-هیمداد حسین (د) ، دەروازەیەك بۆ رەخنەی ئەدەبی نوێی کوردی ، چ٢، چاپخانەی باز ، هەولێر ، ٢٠١٠ ب-


### ب- گۆڤار و رۆژنامە :


١-زاهیر لەتیف (د) ، سایکۆلۆجیای دەق ، ر- ئەدەب و هونەری کوردستانی نوێ ، ژ- ٣٨٩ ، پێنجشەمە ، ١/٢٧/ ٢٠١٠

٢-دوان شلتز ئەدلەر و سایکۆلۆجیای ئەدەب ، و- رێبوار ئەحمەد ، گ- رامان ، ژ- ٤٥ ، ١٩٩٩

٣-سەعید محەمەد نوری ، دەروازەیەك بۆ سایکۆلۆژیای نووستن و خەوبینین ، گـ رامان ، ژ- ١٥٢ ، ٢٠١٠/١/١٥
٤-ستاری پیرداودی، ئەنگێزە سەرەکیەکانی نیگەرانی خود وچەمکی نامۆبوون لە دیدەگای فرۆیدا، گـ کاروان ، ژ- ١٣٥، ١٩٩٠
٥-کەریم شەریف قەرەچەتانی (د) ، ئەلفرێ ئادلەر ، گ – رامان ، ژ- ١٠١ ، ٢٠٠٥

**ج- نامەی ئەکادیمی :**

١-پێشرەو عەبدوڵلا ، شیعرەکانی (بەختیار عەلی ) لە روانگەی دەروونشیکارییەوە ، نامەی ماستەر ، زانکۆی سەلاحەددین ، هەولێر ، ٢٠١١
٢-رێبوار محمد اسماعیل ، داهێنانی شیعریی نالی لە روانگەی دەروونشیکارییەوە ، نامەی ماستەر ، زانکۆی سەلاحەددین ، هەولێر ، ٢٠١١

**٢-بە زمانی عەرەبی**

**أ-کتێب :** ١- راجح احمد عزت ، أصول علم النفس ، ط ٧ ، دار الكتاب العربى للطباعة والنشر ، القاهرة ، ١٩٦٨

## البعد النفسي في شعر ( بی کەس )

يعرض هذا البحث البعد النفسي في شعر (بی کەس)، اذ يبدو تاثير هذا البعد جليا في نتاجات الشاعر، كما ان له وجوداً دائماً في الآداب بصورة عامة، ولاسيما في مجال الشعر كونه يتضمن موضوعات عدة ويعبر عنها.

يلحظ البعد النفسي بوضوح تام في شعر (بی کەس)، فقد عمّقت اوضاعه الصحية والاجتماعية والسياسية احاسيسه ومكّنته من تقديم شعر مؤثر الى المتلقي.

وقد دفعتني رغبتي الشديدة في الموضوعات النفسية ، فضلاً عن عدم وجود دراسة اكاديمية عن الموضوع الى البحث فيه.

يتضمن البحث تحديد البعد النفسي للشاعر (بی کەس)، وأثر ذلك في شعره، ونهج في ذلك منهجاً وصفياً في التحليل النفسي.

أما الصعوبات التي واجهت البحث فهي قلة المصادر المتعلقة بالموضوع باللغة الكوردية، فاكثر المصادر المتوفرة مكتوبة بلغات أُخرى ، وتحتاج الى الترجمة ، مما يتطلب من الباحث تخصيص وقت إضافي لترجمتها.

ينقسم البحث الى مبحثين هما:

المبحث الاول: يلقي هذا المبحث الضوء على مصطلح البعد النفسي، وعلاقة الادب بعلم النفس ونظريات التحليل النفسي (فرويد ، يونج، ادلر)

المبحث الثاني: يتناول البعد النفسي للشاعر (بی کەس) واثره في شعره.

وختم البحث بما توصل اليه من النتائج ثم ثبت المصادر والمراجع المعتمدة فضلاً عن ملخصين باللغتين العربية والانجليزية.